## پەسنی کریستیانۆ دەدات و ئەرجەنتینییەکان تووڕە دەکات..

# مارادۆنا کوڕی خۆی بۆ دژایەتیکردنی مێسی هاندەدات



رووداوی وەرزشی ـ CNBC

کوڕی دییگۆ ئەرماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتین، بە لێدوانێک کە تێیدا پەسنی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی دەدات، بەشێکی زۆری ئەرجەنتینییەکان تووڕە دەکات، کە پێیانوایە کوڕی مارادۆنا بە فیتی باوکی لێدوان لەدژی مێسی دەدات.

دێیگۆ جۆرنیۆر مارادۆنا، لە لێدوانێکدا ئەرجەنتینییەکانی شۆک کرد، کاتێک رایگەیاند کریستیانۆ رۆناڵدۆ بۆ یانەکەی لە لیۆنێل مێسی گرنگترە، چونکە ئەرجەنتینییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی هاندەری مێسین، پێیانوایە ئەم قسانەی کوڕی مارادۆنا درێژەپێدەری ئەو هەڵمەتەن کە مارادۆنا لەدژی مێسی دەستیپێکردووە.

جۆنیۆر، لە لێدوانەکەیدا گوتی «بێگومان مێسی لەدوای باوکم باشترین یاریزانە لە مێژوودا، بەڵام رۆناڵدۆ لە مێسی کاریگەرترە بۆ یانەکەی». هەروەها گوتیشی «من ئەرجەنتینیم و زەحمەتە ئەو قسەیە بکەم، بەڵام ئەوە راستییە، ریال مەدریدی بێ رۆناڵدۆ خراپترە لە بارسیلۆنای بێ مێسی».

دوای ئەم لێدوانە، هاندەرانی مێسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێرشێکی توندیان کردە سەر مارادۆنا و کوڕەکەی و رایانگەیاند «کوڕ و باوک هەڵمەتێکیان لەدژی مێسی دەستپێکردووە». تەنانەت هەندێک لەو هاندەرانە راشکاوانە نووسیویانە «مارادۆنا کوڕی خۆیشی فێرکردووە لەدژی مێسی قسە بکات». ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر مارادۆنا چەندینجار بەشێوەی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ هێرشی کردووەتە سەر مێسی.


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (427) سێشەممە 2016/12/6 15ی سەرماوەز - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## رۆناڵدۆ بەمنزیکانە ژن دێنێت و فیفا و فرانس فوتبۆلیش موژدەیان پێداوە..



# 3 جار زاوا

"لە دەنگدانی هەردوو خەڵاتەکەدا کە کۆتاییان هاتووە رۆناڵدۆ یەکەمە و مێسی دووەم"

4

## یانەی هەولێر سوپرایزی بۆ هاندەرانی هەیە



2

## ئەنچیلۆتی جڵەوەکەی لەدەست دەرچووەو کەس بەقسەی ناکات



5

## شرۆڤەی دوایین گەڕی قۆناخی گرووپەکانی چامپیۆنسلیگ



6

## یاریزانێکی هەڵبژاردی بولگاریا ستۆیچکۆڤ دێنێتە کوردستان

2



## ڕێچکەکەی شکاند

ماوەی دوو هەفتەیە ستافی پێشووی ڕاهێنەرانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەستیان لە مەشقی یانەکە کێشاوەتەوەو فەتحی قەرەنی لە تیپی لاوانەوە سەرخراوە، ئەو لە 2 یاری ڕابردوودا 6 خاڵی بۆ تیپەکە بەدەستهێناوە، بۆیە نیهاد عادلی جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند بۆ دیاریکردنی ڕاهێنەر بۆ تیپەکەیان جارێک چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بزانن ئەنجامەکانیان بە کوێ دەگات و گوتی «ئەگەر ئەم ڕاهێنەر تازەمان ئەنجامەکانی وەک پێویست بن، بێگومان لە ئەرکەکەی دەیهێڵینەوە، تاوەکو ئێستا فەتحی قەرەنی ئاستی باشی لەگەڵ تیپەکە نواندووە و ئێمەش ئەنجامی باشمان دەوێت».

یاریزانێکی هەڵبژاردەی بولگاریا، قسە بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات..

# «ستۆیچکۆڤ دێنمە کوردستان»



**سامان وڵاتژێری**
**تایبەت بە رووداوی ورزشی**

دۆنچۆ دۆنێڤ، یەکێک لە یاریزانانی سەردەمی ئاڵتۆنی تۆپی پێی بولگاریا، کە بە هاوکاری هێرستۆ ستۆیچکۆڤی ئەفسانەی تۆپی پێی بولگاریا، لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە گەورەترین دەستکەوتیان لە مێژووی هەڵبژاردەکەدا بەدەستهێناوە، کاتێک لە مۆندیالی 1994ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پلەی چوارەمیان بەدەستهێنا، دوای ئەوەی لە یاری دەستنیشانکردنی پلەی سێیەم و چوارەم بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر بە هەڵبژاردەی سوێد دۆڕان، لە هەولێر قسە بۆ (رووداوی وەرزشی) دەکات و دەڵێت «کار بۆ ئەنجامدانی یارییەک لەنێوان کوردستان و بولگاریا دەکەم و ستۆیچکۆڤ دێنمە کوردستان».

دۆنێڤ، تەمەن 52 ساڵ، ماوەیەک پێش ئێستا بە سەردانێک لە هەولێر بوو بەبێ ئەوەی تەنیا یەک وەرزشوانی کوردیش ببینێت گەڕایەوە وڵاتەکەی، بەڵام بۆ داهاتوو پلانی زۆری بۆ وەرزشیی کوردستان هەیە و دەیەوێت کاری لەسەربکات و هاوئاهەنگییەکی زۆریش لەنێوان وەرزشی کوردستان و بولگاریا دروست بکات.

### «کار بۆ ئەنجامدانی یارییەک لەنێوان کوردستان و بولگاریا دەکەم»

سەرەتا یاریزانەکەی پێشووی هەڵبژاردەی بولگاریا، لە ڕێگەی (رووداوی وەرزشی)یەوە دڵخۆشی خۆی بەرامبەر هاتنەوەی بۆ کوردستان پێشاندا و گوتی «پێشتر چەندینجار سەردانی کوردستانم کردووە و ئاگاداری بارودۆخی سیاسی، ئابووری و وەرزشیی کوردستانم و زانیاریی زۆرم لەسەریان هەیە».

دۆنێڤ، کە یاریزانی سەردەمی ئاڵتۆنی تۆپی پێی بولگاریایە و هاوڕێی ستۆیچکۆڤی ئەفسانەی تۆپی پێی بولگاریا و یانەی بارسیلۆنایە، هەروەها بە (رووداوی وەرزشی) گوت «پلانم هەیە بۆ ئەوەی کار بۆ وەرزشی کوردستان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بولگاریا بکەین و تەنیا قسە نەکەین، من وەک سەرۆکی یاریزانە پیشەگەرەکانی پێشووی بولگاریا بۆ هەموو هاوکارییەکی وەرزشیی کوردستان ئامادەم».

دۆنچۆ، ئەوەشی بە (رووداوی وەرزشی) گوت «پلانی ڕێکخستنی یارییەکی دۆستانەمان لەنێوان کوردستان و بولگاریا هەیە و دەمەوێت یاریزانانی وەک ستویچکۆڤ، بەلەکۆڤ و کوستادینۆڤ بێنمە کوردستان و یارییەکی دۆستانە لە کوردستان ئەنجام بدەین، ئەوەش سەرەتای دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێزی نێوان هەردوولا دەبێت و بێگومان ئەوەش بۆ وەرزشی کوردستان شتێکی زۆر باش دەبێت و پەیوەندییەکی بەهێزی دۆستانەش لەنێوانیاندا بەرهەم دێت».

بەرگریکارەکەی بولگاریا لەبارەی هاوکاریکردنی کوردستان بۆ ئەندامبوونی لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئاسیا و فیفا گوتی «من بۆ هەموو هاوکارییەک ئامادەم و هەموو هەوڵێکیش بۆ ئەوە دەدەم و زۆر گرنگیشە لەم بارودۆخەدا لە ڕێگەی تۆپی پێ کوردستان خۆی بە جیهان بناسێنێت».

یاریزانی پێشووی یانەی لیڤیسکی سۆفیا، کە بەناوبانگترین یانەی بولگاریایە، لە کۆتایی قسەکانیدا بۆ (رووداوی وەرزشی) گوتی «ئۆمێدێکی زۆرم بە کوردستان هەیە، تۆپی پێ دەتوانێت زۆر کێشە چارەسەر بکات و هیوای سەرکەوتن بۆ وەرزشوانانی کوردستان دەخوازم».

ئەو یاریزانە کۆنەی هەڵبژاردەی بولگاریا، لە کۆتایی قسەکانیدا، سوپاسی (رووداوی وەرزشی) کرد و بە زمانی کوردی گوتی «زۆر زۆر سوپاس».

### دۆنچۆ دۆنێڤ: هەموو هەوڵێک دەدەم بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە ئەندام لە فیفا



چەند یاریزانێکی بەناوبانگ داوادەکەن یاری بۆ یانەکە بکەن..

# هەولێر سوپرایزی بۆ هاندەرانی هەیە

### «ئەمجەد رازی و هەڵگورد مەلا محەممەد داوادەکەن لە قۆناخی دووەم یاری بۆ هەولێر بکەن»

**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئێستا یانەی هەولێر بیر لە گۆڕینی ڕاهێنەرەکەی ناکاتەوە، چونکە وەک خۆی گوتی «ئێستا توانای یانەکەمان هەر ئەوەندەیە». هەروەها ئاشکراشیکرد کە چەندین یاریزانی بەتوانا داوایان لە یانەی هەولێر کردووە لە قۆناخی دووەمی خولی نایابی عێراق یاری بۆ بکەن.

یاریزانانی یانەی هەولێر، کە بەردەوامن لە مەشقەکانیان بەسەرپەرشتی مزەفەر جەباری ڕاهێنەری یانەکە، لە 8 گەڕی ڕابردووی خولی نایابی عێراقدا تەنیا یەک یارییان بردووەتەوەو 2 یارییان دۆڕاندووەو 5 یاریشی بە یەکسان بوون کۆتایی پێ هێناوە، بۆیە هاندەرانی یانەکە ترسیان لێ نیشتووە یانەکەیان لەسەر ئەم ئەنجامە خراپانە بەردەوام بێت و ئیدی دروشمی سەرکەوتن نەدۆزێتەوە.

بێجان ئیبراهیم، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر، ڕاشکاوانە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئەوتیپە لاوەی ئێمە تواناکەی هەر ئەوەندەیە، چونکە 90%ی یاریزانانی ئێمە کوردن و پشتمان بە تواناکانی یاریزانانی کوردی شارەکەمان بەستووە، ئیمکانیاتی یاریزانانی ئێمە هەر ئەوەیە، ئێمە نامانەوێ یەکەم و دووەم بین، بە گوێرەی ئاستی یاریزانەکانمان زۆر باشین و ئەوەی لە توانایاندا بێت ئەنجامی دەدەن، لەو بڕوایەشدام کە ئەنجامەکانمان باشتر دەبن».

لە بارەی گۆڕینی ڕاهێنەریش لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم ئەنجامە خراپانە، بێجان گوتی «تاوەکو ئێستا بیرمان لە گۆڕینی ستافی ڕاهێنەرانی یانەکەمان نەکردووەتەوە، چونکە ئێمە لە ڕووی ئەداوە گرفتمان نییە و یاریزانانمان ئاستیان باشە». هەروەها گوتیشی «داوا لە هاندەرانی یانەکەمان دەکەین پشتگیری تیپەکەی خۆیان بکەن، بۆ قۆناخی دووەم سوپرایزمان دەبێت، چەندین یاریزانی بەتوانای یانەکانی شاری بەغداد پەیوەندییان بە ئێمەوە کردووەو داوایانکردووە یاری بۆ یانەی هەولێر بکەن، وەک ئەمجەد رازی، هەڵگورد مەلا محەممەد و چەندین یاریزانی بەتوانای دیکەش، ئەوان دەیانەوێت بێنە هەولێر، چونکە لێرە ژیانیان پارێزراوە لە گشت ڕوویەکەوە».



# کۆسرەت لەبەر عێراق بووەتە شورتە



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

کۆسرەت بایز، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و ئێستای شورتە بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند هەموو کات بیری لای یانەی هەولێرەو گوتی «دەمەوێ لە ڕێگەی یانەی شورتەوە بگەمە ریزی هەڵبژاردەی عێراق».

وەرزی ڕابردوو 3 یاریزانی سەرەکی یانەی هەولێر بە گرێبەستی گرانبەها ڕوویان لە یانەکانی شاری بەغداد و باشووری عێراق کرد، کۆسرەت بایز یەکێک لەو سێیانە بوو کە ریزی یانەی هەولێری بۆ بەناوبانگترین یانەی شاری بەغداد جێهێشت، ئەویش یانەی شورتەی خاوەن زۆرترین هاندەری سەرسەختە، ئەو گوتی «ئامانجم لەگەڵ یانەی شورتە نیشاندانی توانای یاریزانی کوردە، کە زۆر لە وەرزشوانان پێیانوابوو یاریزانانی کورد ناتوانن لە شاری بەغداد یان لە یانەکانی دەرەوەی هەرێم یاری بکەن، من دەمەوێ ئەم بیرکردنەوەیە پێچەوانە بکەمەوە، ئاستی خۆم زیاتر بەرەو پێش ببەم و بگەمە ریزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراق».

کۆسرەت هەروەها گوتی «یاریکردنم لەگەڵ یانەی شورتە بۆ من تاقیکردنەوەیەکی نوێ بوو، کاتم پێویست بوو تاوەکو خۆم گونجاند، ئێستا زۆر دڵخۆشم لە یانەی شورتە». هەروەها گوتیشی «من کە ئێستا لە شاری بەغداد دەژیم واملێهاتووە وەک خەڵکی ئەو شارە بژیم، ژیانی ڕۆژانەم وەک هەر کەسێکی شارەکە بەسەر دەبەم، خەڵکی بەغداد زۆر ڕێزمان لێدەگرن، سەرەڕای ئەوەش هەموو کات بیری شاری هەولێر و یانەی هەولێر دەکەم، کاتی زۆرم لەو یانەیە بەسەربردووە، بیری کەش و هەوای شارەکە و دۆست و هاوڕێیانم دەکەم».

کۆسرەت بایز، لە خولی کوردستان یاری بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکات و لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «یاریکردنم لە خولی کوردستان بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر لەبەر گەورەیی ناوی پێشمەرگە بوو، کە گیانی خۆیان بۆ خاک و نیشتمان فیدا کردووە، سوپاس بۆ دەستەی کارگێڕی و سەرۆکی یانەکە، کە خزمەتی زۆری یاریزانان دەکەن».

«لەبەر گەورەیی ناوی پێشمەرگە یاری بۆ یانەی پێشمەرگە دەکەم»

تەنیا لەبەرئەوەی کورد بووە..

# لە بەغدا غەدر لە پاڵەوانێکی کورد دەکرێت

**پێشەوا بەختیار**
**رووداوی وەرزشی ـ چەمچەماڵ**

لەشجوانێکی چەمچەماڵ لە ڕێگەی (رووداوی وەرزشی)یەوە، گلەیی ئەوە دەکات کە لەبەر کوردبوونی خۆی لە بەغدا زۆر غەدری لێکراوەو نەیانهێشتووە لە یۆنان بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکی جیهانی بکات و دەڵێت «ڤیزەیان بە من نەدا و گوتیان تۆ داعشی».

زانا فەریق، تەمەن 31 ساڵ، دانیشتووی قەزای چەمچەماڵە، یاریزان و ڕاهێنەری لەشجوانییە، ئەو بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند لە پاڵەوانیەتی بەغدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، لەبەرئەوە مافی خۆی بوو بەشداری لە پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی لە یۆنان بکات، بەڵام وەک خۆی گوتی «زۆر غەدریان لێکردم، تەنیا لەبەرئەوەی کورد بووم، گوتیان تۆ داعشی و ڤیزایان پێنەدام، بە یاریزانێکی عەرەبیان دا کە من یەکەم بووم نەک ئەو».

زانا، باس لەوە دەکات کە لە تەمەنی 14 ساڵییەوە دەستی بە وەرزشی لەشجوانی کردووەو دەڵێت «سەرەتا لە ژوورە بچووکەکەمەوە دەستمپێکرد تاوەکو بوومە خاوەن هۆڵێکی وەرزشیی گەورە، ئێستا خاوەنی زیاتر لە 15 بڕوانامەی کوردستان و عێراقم، پلەی یەکەمی یەکەمەکانی کوردستانم بەدەستهێناوەو چەندینجار لە خول و پاڵەوانیەتییەکاندا پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە».

زانا، ئێستا خەریکی پێگەیاندنی خولیایانی ئەوە وەرزشەیە، چەندین یاریزانی بەتوانای پێگەیاندووە، ئەو گوتی «خەونی من ئەوەیە زۆر یاریزانی پاڵەوان پێبگەینم و لە ڕێگەی ئەم وەرزشەوە ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان بە جیهان بناسێنم».

ئەو لەشجوانەی کورد، سوپاسی قایمقامی شارەکەی کرد، کە بەبەردەوامی هاوکاری کردووەو داوای لە بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان کرد بەهانای ئەم وەرزشەوە بچن، چونکە هیچی لە وەرزشەکانی دیکە کەمتر نییە.

هەورامان فەریق، برای زانا فەریق، کە ئەویش ڕاهێنەرە لەو بوارەدا، گوتی «متمانەی زۆرم بە براکەمە، چونکە لە باشترینەکانە، خەونی براکەم گەورەیە، بەڵام لە کوردستان ناهێتەدی، بەڵکو لە دەرەوەی وڵات دێتەدی، بۆ ئەوەی ببێتە پاڵەوانێکی جیهانی و ناوی کوردستان بەرزبکاتەوە».



زانا فەریق: پێیانگوتم تۆ داعشی ڤیزات پێنادەین

بەهرەیەکی میللی

# شکار تاریق..

# گۆڵپارێزی دواڕۆژی هەولێر



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

شکار تاریق، گۆڵپارێزی ئەکادیمیای یانەی وەرزشیی هەولێر، یەکێکە لەو بەهرانەی، چاوەڕوان دەکرێت لە دواڕۆژدا ببێتە گۆڵپارێزێکی بەتوانای شاری هەولێر، ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بەهیوای ئەوەم ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم بەرگری لە تۆڕی گۆڵی یانەی وەرزشیی هەولێر بکەم و درێسی یانەکە بپۆشم».

شکار تاریق، هەرچەندە تەمەنی تەنیا 13 ساڵانە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک خەون و ئاواتە، کە بەهیوای ئەوەیە لە ژیانی وەرزشیی خۆیدا بیانکەتە ڕاستی.

شکار، قوتابییە لە یەکێک لە قوتابخانە نموونەییەکانی شاری هەولێر، بەڵام خولیای وەرزشیی وایلێکردووە هاوشانی خوێندنەکەی وەرزشەکەشی ئەنجام بدات، لەم بارەوە شکار بە (رووداوی وەرزشی) گوت «وەرزش خولیای منە، ماڵەوەشمان زۆر حەزیان لە یاری تۆپی پێیە، هەموو کات خانەوادەکەمان پاڵپشتیم دەکەن بۆ وەرزشکردن، منیش وەک وەرزشکارێک کاری گۆڵپارێزم هەڵبژاردووە، ئاواتی من ئەوەیە لە داهاتوودا بتوانم خزمەت بە تۆپی پێی کوردستان بکەم».

ئەو گۆڵپارێزە تازەپێگەیشتووە، سوپاسی سەرجەم ئەو ڕاهێنەرانە دەکات کە مەشقیان پێداوە، بەتایبەتیش وەک خۆی دەڵێت «کاپتن ئیسماعیل زۆر چاکەی بەسەر منەوە هەیە، زۆر سوودم لێیوەرگرتووە». شکار هەروەها گوتیشی «کردنەوەی ئەکادیمیا بۆ یاریزانانی لاو سوودی زۆری هەیە، خۆم سوودی زۆرم لە ئەکادیمیاکانی کوردستان بینیوە، بەتایبەتی هەردوو ئەکادیمیای یانەی هەولێر و ئەوەی باداوەش، هیواو ئاواتی من ئەوەیە بگەمە ریزی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی کوردستان، ئینجا هەنگاو بنێم بۆ یانەیەکی ئەورووپی».

شکار، زۆر بە ئاستی سەرهەنگ موحسینی گۆڵپارێز و کاپتنی یانەی هەولێر سەرسامە و حەزدەکات بگاتە ئاستی ئەو گۆڵپارێزە.



**مەترسیدارترینە**

ئامارەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە یانەی ریال مەدرید دوای 14 گەڕی لالیگا بەخێرایی پێشەنگی ریزبەندەکەی نەگرتووە. بەپێ ئامارەکان تاوەکو ئێستا ریال مەدرید زۆرترین دەرفەتی گۆڵکردنی دروستکردووە، کە بریتییە لە 204 دەرفەت، واتە لە هەر یارییەکدا زیاتر لە 14 دەرفەتی گۆڵکردنی هەبووە. بارسێلۆناش بە دروستکردنی 165 دەرفەتی گۆڵکردن پلەی دووەمی گرتووە، واتە بە جیاوازی 39 دەرفەت لە ریال مەدرید و لە هەر یارییەکدا 11.7 دەرفەتی گۆڵکردنی هەبووە.

# هەموو شتێک لەبارەی یانەی چاپیکۆێنسی

## «زۆر لە یاریزانەکان تا رووداوی کارەساتەکە خەریکی وەتس ئەپ بوون»



ئا: رووداوی وەرزشی

لەم راپۆرتەدا گرنگترین زانیارییەکانی تایبەت بە یانەی چاپیکۆێنسی بەرازیلی دەخەینەڕوو، کە بە کارەساتی کەوتنی فڕۆکەکەی بەر لە چەند رۆژێک زۆربەی یاریزان و ئەندامانی هونەری و مەشقییەکەی مردن.

ئەو یانەیە ئێستا لە پلەی نۆیەمی ریزبەندی خولی بەرازیل دێت، ئەزموونی یاریزانەکانی تەنیا لەنێو بەرازیلە، تەنیا هێرشبەر کلیبەر سانتانا نەبێت، کە یاری بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید و مایۆرکا کردووە لە سالانی 2007 و 2010، هەروەها هێرشبەری ئەرجەنتینی ئەلیخاندرۆ مرتینۆسیسیش یاری بۆ تیپەکە دەکات.

چاپیکۆێنسی توانی چەندین تیپی بەهێز لەو کیشوەرە دەربکات، بەر لەوەی بگاتە یاری کۆتایی کۆپا سود ئەمریکانا، ئەوەش یەکەم تاقیکردنەوەیەتی لەو ئاستە لە مێژووی خۆیدا. لە رووی گرنگییەوە لە ئەمریکای باشووردا لە پلەی دووەم دێت لە دوای (کۆپا لیبەرتادۆریس).

### چەند وێستگەیەکی یانەی چاپیکۆێنسی:

* لە 1973/5/10 لە ویلایەتی کاترینا دامەزراوە، دوای ئەوەی تیپی ئەتلەتیکۆ چاپیکۆێنسی و ئەندیپێدینتی تێکەڵکران. ساڵی 1977 یەکەم نازناوی بەدەستهێنا، دوای ئەوەی نازناوی هەرێمی سانتا کاترینای بردەوە.

**«رۆژی لەدایکبوون و پاسپۆرت دوو کەسی رزگارکرد»**

* ساڵی 1978 بەشداری لە خولی پلە یەکی بەرازیل کردو لە پلەی 51 هات، ساڵی دواتریش لە پلەی 93 هات. ئەوکات سیستمی یاریکردن لە بەرازیل، بەسەر هەرێمەکان دابەشکرابوو، پاشان تیپەکان بۆ قۆناخی دووەم ئینجا سێیەم سەردەکەوتن.

* ساڵی 2002 ناوی تیپەکە گۆڕاو بووە (ئەسۆسیاو چاپیکۆێنسی)، بەڵام دوای 4 ساڵ ناوەکە وەک خۆی لێکرایەوە.

* ساڵی 2006 نازناوی جامی (سانتا کاترینا)ی بەدەستهێنا، لە ساڵی 2007 بۆ سێیەمجار لە مێژوویدا نازناوی هەرێمەکەی بەدەستهێنا، بەمەش توانی لە خولی پلە سێیەکان یاری بکات.

* ساڵی 2014 توانی بۆ خولی پلە یەکی بەرازیل سەرکەوێت و توانی بۆ رکابەریکردن لە جامی سود ئەمریکانا سەرکەوێت.

* لە قۆناخی 16 رووبەڕووی یانەی ئەندیپێندینتی ئەرجەنتین بووەوەو بە لێدانی یەکلاییکەرەوە 5 ـ 4 بردییەوە.

* لە چارەکی کۆتاییدا بە ئەنجامی 3 ـ 1 لە کۆی هەردوو یاری چوون و گەڕانەوە بەسەر یانەی جۆنیۆری کۆلۆمبی سەرکەوت، پاشان سان لۆرینزۆی ئەرجەنتینی وەدەرنا.

* رۆژی 2016/11/29 خەونەکە بە کەوتنی ئەو فڕۆکەی تیپەکەی هەڵگرتبوو لەبارچوو، هەموو جیهان هاوسۆزی بۆ ئەو تیپە دەربڕی.

* لەو رووداوەدا چاپیکۆێنسی زۆربەی یاریزانەکانی لەدەستدا. هەروەها 20 رۆژنامەنووسیش مردن.

### چیرۆکی رزگاربوون

* ئیروین تۆمیری، کە یەکێکە لە رزگاربووانی رووداوەکە، باس لە ساتەکانی کەوتنی فڕۆکەکە دەکات و دەڵێت «من لەبەرئەوە رزگاربووم، چونکە رێنماییەکانی سەلامەتیم گرتەبەر و جانتایەکم خستە نێو هەردوو قاچم، کەچی ئەوانی دیکە هەموویان شوێنی خۆیان جێهێشت و هاواریان دەکرد.

* رۆژی لەدایکبوون مارسیلۆ بۆیکی گۆڵپارێزی یەدەگی یانەکەی لە مردن رزگارکرد، کە رۆژی لەدایکبوونی هەمان رۆژی رووداوەکە بوو. ئەو دەڵێت داوام لە راهێنەر کرد مۆڵەتم پێبدات گەشت نەکەم بۆ ئەوەی ئاهەنگی رۆژی لەدایکبوونم بگێڕم و لە مردن رزگارم بوو.

ئەو گۆڵپارێزە، دەشڵێت «تاوەکو رووداوی کارەساتەکەش بە چەند چرکەیەک هاوڕێیانم لەنێو فڕۆکەدا بە وەتس ئەپ نامەی پیرۆزباییان بۆ دەناردم.

* رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی چیرۆکی ماتیۆس سارۆلی کوڕی راهێنەری یانەکە دەگێڕێتەوە، کە چۆن بە رێککەوت لە رووداوەکە رزگاری بووە. بەپێی ئەو رۆژنامەیە ماتیۆس داوای لە باوکی خۆی کردووە لەگەڵی بچێتە کۆلۆمبیا بۆ بینینی یارییەکە، باوکیشی رازی بووەو پێکەوە چوونەتە فڕۆکەخانە، بەڵام لەبەرئەوەی پاساپۆرتەکەی لە ماڵەوە لەبیرکردووە، نەیتوانیوە گەشت بکات.

### لەدوای کلاسیکۆ..

# رامۆس 75 گۆڵ

## «هەر یاریزانێکی بارسا 12.5 کیلۆمەتر و هەر یاریزانێکی ریالیش 10.5 کیلۆمەتر رایانکرد»



**«لەوەتەی مێسی لەگەڵ سوارێز و نەیمار یاریدەکات هەرگیز گۆڵی لە کلاسیکۆدا نەکردووە»**

ئا: رووداوی وەرزشی

یاری کلاسیکۆی ئەمجارەی لالیگا کۆتاییهات، یارییەکە وەک هەموو کلاسیکۆیەکانی پێشووتر، کۆمەڵێک ئامار، ریکۆرد، رووداو و بەسەرهاتی بەدوای خۆیدا جێهێشت. (رووداوی وەرزشی) لە راپۆرتێکدا دیارترین و سەرنجڕاکێشترینیان دەخاتە بەرچاوی خوێنەرانی.

* ئەم کلاسیکۆیە ریکۆردێکی نوێی شکاند لە رووی ئامادەبوونی جەماوەری، کە 98 هەزار و 455 بینەر ئامادەی نێو یاریگەی کامپ نو بوون.

* رامۆس ژمارەی گۆڵەکانی بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ریال مەدرید گەیاندە 75 گۆڵ.

* ئەم کلاسیکۆیە یاری ژمارە 233 بوو لە هەموو خول و پاڵەوانییەتییەکاندا، ریال مەدرید 93 بردنەوەو بارساش 91 سەرکەوتنی هەیە. 49 یاریش بە یەکسانبوون تەواوبوونە. ریال 392 گۆڵ و بارساش 380 گۆڵی تۆمارکردووە.

**«رۆناڵدۆ بەڵێنی دابوو ئەگەر گۆڵ بکات بە هاندەرانی بارسا بڵێت بێدەنگ و هێمن بن»**

* ئەم یارییە کلاسیکۆی ژمارە 173ی لیگا بوو، کە ریال 72 جار و بارساش 68 جار براوە بوونە. 33 جاریش یەکسانبوونە.

* لەم کلاسیکۆیەدا یاریزانانی بارسا زۆر زیاتر لە یاریزانانی ریال جوولانەوە، کە تێکڕایی راکردنی هەر یاریزانێکی بارسا 12.5 کیلۆمەتر بوو، بەڵام تێکڕایی راکردنی هەر یاریزانێکی ریال مەدرید 10.5 کیلۆمەتر بوو.

* ئەوەی زۆر سەرەنجڕاکێش بوو لەم کلاسیکۆیەدا پەیامی هاندەرانی بارسا بوو، کە بە لافیتەیەکی گەورە نووسیبوویان «بەخێر بێن بۆ کۆماری کەتالۆنیا». هەروەها کەتالۆنییەکان بەر لە یارییەکە 30 هەزار ئاڵای هەرێمی کەتالۆنیایان بەسەر هاندەرانی بارسادا دابەشکرد.

* بارسێلۆنا لەم کلاسیکۆیەدا، سەلماندی کە ئەمساڵ لە دەرەوەی یاریگەی خۆی باشتر یاریدەکات، چونکە لە 7 یارییدا لەنێو کامپ نودا تەنیا 12 خاڵی بەدەستهێناوەو 9 خاڵی لەدەستداوە. کەچی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی لە 7 یارییدا 16 خاڵی بەدەستهێناوەو 5 خاڵی لەدەستداوە.

* ئەنجامی 1 ـ 1 گۆڵ 16 جار لە یارییەکانی کلاسیکۆدا دووبارە بووەتەوە، بەڵام زۆرترین جار 2 ـ 1 بووە، کە 18 جار کلاسیکۆ بەو ئەنجامە کۆتاییهاتووە.

* جاری یەکەم بوو مێسی لە کلاسیکۆدا نیشانەی کاپتنیی بارسا لە شان بکات.

* کارلۆس کلۆس گۆمێزی ناوبژیوان، جاری یەکەم بوو ناوبژیوانیی کلاسیکۆیەکی لیگا بکات، هەرچەندە پێشتر 20 یاری بارسا و 27 یاری ریال مەدریدی بەڕێوەبردووە.

* سێرجیۆ بۆسکێس کارتێکی زەردی وەرگرت و بووە دووەم یاریزان لەدوای سێرجیۆ رامۆس کە زۆرترین کارتی رەنگاو رەنگ لە کلاسیکۆدا وەربگرن. رامۆس خاوەنی 9 کارتی زەردو 2 کارتی سوورە. بۆسکێسیش 6 کارتی زەردو کارتێکی سووری هەیە.

* جیرارد پیکێی بەرگریکاری بارسا بە پێکانەوە یارییەکەی تەواوکرد.

* بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی ASی ئیسپانی بەر لە کلاسیکۆ رۆناڵدۆ بە هاوڕێکانی گوتبوو «ئەگەر گۆڵم کرد بەشێوازی CALMA ئاهەنگ دەگێڕم»، کە بریتییە لە چوونە بەرامبەر هاندەران و ئاماژە بۆ کردنیان بە هەردوو دەستی بۆ ئەوەی بێدەنگ و هێمن بن.

* ماوەی 114 ساڵە یاری کلاسیکۆ ئەنجام دەدرێت، کە یەکەم یاری لە 1902/5/13 بەبۆنەی بوونی ئەلفۆنسۆی سیانزدەهەم بە شای ئیسپانیا لە مەدرید ئەنجام دراو بارسا 3 ـ 1 یارییەکەی بردەوە. بەڵام یەکەم کلاسیکۆی لیگا لە ساڵی 1929 لە بارسێلۆنا ئەنجامدراو ریال مەدرید 2 ـ 1 براوە بوو.

* زەینەدین زیدان لەوەتەی بووەتە راهێنەری ریال مەدرید تاوەکو ئێستا لە 34 یاری لیگادا تەنیا یارییەکی دۆڕاندووە.

* لە سەردەمی راهێنەرایەتی یۆهان کرۆیفی راهێنەری بارسا، هەرگیز ریال مەدرید نەیتوانیوە لە بارسا بباتەوە، کە لە 8 کلاسیکۆدا کرۆیف 6 بردنەوەو 2 یەکسانبوونی هەبووە.

* کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە 26 یاری کلاسیکۆدا تەنیا 7 جار براوە بووە، لە 19 یارییدا نەیتوانیوە براوە بێت.

* لە کۆی ئەو 26 یارییەدا رۆناڵدۆ تەنیا ئەسیستێکی هەیە. مێسیش لە 33 یارییدا 13 ئەسیستی هەیە.

* مێسی و رۆناڵدۆ نەیانتوانی گۆڵ بکەن، کە تاوەکو ئێستا رۆناڵدۆ 10 گۆڵی لە کامپ نودا تۆمارکردووەو مێسیش 12 گۆڵی لە سانتیاگۆ برنابیۆدا تۆمارکردووە.

* مێسی هەرگیز گۆڵی لە کلاسیکۆدا نەکردووە، ئەوکاتەی لەگەڵ سوارێز و نەیمار یاریکردووە.

* لە دوایین 22 کلاسیکۆدا بارسا بێ گۆڵ لە یاریگە نەچووەتە دەرەوە.

* بەر لەم کلاسیکۆیە، تەنیا لە ساڵی 1943 کلاسیکۆ لە گەڕی 14ی لیگا ئەنجامدراوەو 5 ـ 5 کۆتایی هاتووە.

* بەپێچەوانەی زۆربەی کلاسیکۆیەکانی پێشووتر، ئەم کلاسیکۆیە زۆر بێ توند و تیژی بەڕێوەچوو.

* ئیسکۆ بەهۆی گۆڕینی لەلایەن زیدانەوە خۆی تووڕە کردو رۆژنامەکانی ئیسپانیا پێشبینی دەکەن زیدان بەبینینی دیمەنەکە سزای یاریزانەکە بدات.

* میدیای ئیسپانی رەخنەی لە زیدان گرت و رایگەیاند کە لە رووی تاکتیکەوە ئێنریکی لەو باشتربوو، بەبەڵگەی ئەوەی لە گێمی دووەمدا، کە بە «گێمی راهێنەران» ناودەبرێت تیپەکەی زیدان لە بەرامبەر تیپەکەی ئێنریکی خۆی بەدەستەوە دابوو.



KOREK



## درۆیە

دوای ئەوەی رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی هەندێ وێنەی دیمیتری بایێی یاریزانی فەرەنسی یانەی وێستهامی ئینگلیزی بڵاوکردەوەو بەوە تۆمەتباری کرد کە لە یاری قۆناخی هەشتەمی جامی رابیتەی ئینگلیزی، بە ئەنقەست بەرامبەر یانەی مانچێستەر یونایتد کەمتەرخەمی کردووە، لەبەرئەوەی بایێ دەیەوێ بچێتە ریزەکانی ئەو یانەیە، سەرچاوەیەکی نزیک لە وێستهام ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوەو گوتی «درۆیە، بایێ یاریزانێکی پیشەگەرە، هەرگیز کارێکی لەو جۆرە ناکات، بەڵام بەداخەوە رۆژنامەکان دەیانەوێ تەنیا بە درۆ تیراژی خۆیان زیاد بکەن».





### به فۆتۆشۆپ شێوە و رۆخساریان گۆڕیوە..

# زیدان یاریزانێکی کوشتووە

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

قەیرانەکان لە ریال مەدرید نمایشێکی بەردەوامە، دوای ئەوەی یانەکە تووشی قەیرانێکی دادگایی تازە بوو، بەهۆی یاریزانێکی نەناسراو، کە زۆر بەسەیری ئایندەیان وێرانکرد!.

چیرۆکەکە ئەو کاتە دەستیپێکرد، کە ریال مەدرید گرێبەستی هێرشبەرە لاوە فینلەندییەکەی، ئیرۆ مارکانینی هەڵوەشاندەوە، کە ساڵی رابردوو بەرامبەر 2 ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە ریزەکانی ریال مەدرید کاستیاوە کردبوو. ئاژانسی هەواڵی ئیسپانیا دووپاتیدەکاتەوە، تیپی دووەمی ریال مەدرید، لەسەر داوای راهێنەری تیپەکە، زەینەدین زیدان گرێبەستی لەگەڵ ئەو یاریزانە کردبوو، دوای درەوشانەوەی بەرچاوی لە خولی سوێد لەگەڵ یانەی ئێک ستۆکهۆڵم و تۆمارکردنی 6 گۆڵ لە 14 یارییدا. بەڵام لەگەڵ ریال مەدرید ئەو ئاستە باشەی پێشکەش نەکرد، بۆیە بێئەوەی پرسی پێبکرێت گرێبەستەکەی هەڵوەشێندرایەوە.

بۆرن ویسترۆم، بەڕێوەبەری وەرزشیی یانە سوێدییەکە دووپاتیکردەوە «گەڕانەوەی ئەو یاریزانە بۆ یانە کۆنەکەی، مایەی پێشوازیکردنی بەردەوامە، بەڵام دەبێت کێشەکەی لەگەڵ ریال مەدرید چارەسەر بکات، نەخاسمە سکاڵای یاریزانەکە».

ئەو یاریزانە دووپاتی دەکاتەوە ریال مەدرید هەواڵی هەڵەی لەسەری بڵاوکردووەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کێشی زیادی کردووە و شێوەی گۆڕاوە، ئەوەش کاریگەری نەرێنی بەسەریدا هەبووە، موکڕیش بوو لەسەر ئەوەی، ئەو وێنانەی ریال مەدرید بڵاوی کردووەتەوە راست نین، بەڵکو بە فۆتۆشۆپ دەستکاری کراون، بۆیە ئەو یاریزانە پەنای بۆ سکاڵاکردن لە دادگا لە دژی ریال مەدرید بردووە، بەتایبەتی داوای لە زیدان کردووە شایەتی بدات، چونکە ئەو زۆرترین کەس بوو، کە بە ئاستی سەرسام بوو و داوایکرد بچێتە مەدرید، لەوانەیە ریال مەدرید تووشی سزایەکی داریی گەورە بێت، کە دوور نییە بگاتە 2 ملیۆن یۆرۆ.



"یاریزانان بە کەیفی خۆیان دەچنە مەشقەکان و بە ئارەزووی خۆشیان دەڕۆنە ماڵەوە"

### بایرن میونشن چی بەسەر هاتووە؟!..

# ئەنچیلۆتی جڵەوەکەی لەدەست دەرچووە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکانی ئەڵمانیا باسی بارودۆخی ناڵەباری یانەی بایرن میونشنی باڤاری دەکەن و لەگەڵ بایرن میونشنی سەردەمی پیپ گواردیۆلای راهێنەری ئیسپانی بەراوردی دەکەن و دەڵێن «کێشەکانی بایرن میونشن لەوە قوڵترن کە دیارن». هەروەها دەشڵێن «هۆکاری سەرەکی ئەو کێشانە کارلۆ ئەنچیلۆتییە کە کۆنترۆلی یاریزانانی لەدەست دەرچووە».

## کارلیتۆ کەمتەرخەمە

ئەو راپۆرتانە باس لەوە دەکەن کە ئەنچیلۆتی جڵەوی ژووری جلگۆڕینی لەدەست دەرچووە بەهۆی نەرم و نیانی خۆی لەگەڵ یاریزانان، بەپێچەوانەی گواردیۆلا کە زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵ یاریزانانی دەکرد. تەنانەت هەندێک لەو راپۆرتانە باس لەوە دەکەن کە راهێنەری ئیتاڵی هێندە بێباکە لەگەڵ یاریزانانی، هەندێکیان زۆر دوادەکەون لە مەشقەکان و تەنانەت هەندێکیان هەر کاتێ حەزیان لێبوو مەشقەکان جێدەهێڵن بێئەوەی ئەنچیلۆتی هیچ سزایەکیان بدات.

## گیانی خۆویستی زاڵە

بەپێ ئەو راپۆرتە رۆژنامەڤانیانە، یاریزانان ئەو کەمتەرخەمییەی ئەنچیلۆتیان بەشێوەیەک قۆستووەتەوە کە لە کاتی یاریکردندا پلانە تاکتیکییەکانی جێبەجێ ناکەن و دەڵێن «زۆربەی یاریزانان گیانی خۆویستیان بەسەردا زاڵە، لە کاتی یاریکردندا هەریەکەو بایەخ بە ئاستی تاکە کەسی خۆی دەدات و ئاست و ئەنجامی یانەکەیان بەلاوە گرنگ نییە». هەروەها دەشڵێن «هەر لەبەرئەوەشە کە زۆر لە یاریزانانی یانەکە ئاستیان زۆر دابەزیوە، بۆ نموونە تۆماس مۆلەری هێرشبەر کە لە ماوەی 9 یارییدا، واتە لە 820 خولەک یارییدا هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکردووە».

## پەیوەندییەکی خراپ

لەوانەیە لە هەموو ئەوانە خراپتر ئەوەبێت کە ئەنچیلۆتی پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ زۆر لە یاریزانەکانی هەیە، بەتایبەتیش فلیپ لامی کاپتن.

سەرچاوەیەکی نزیک لەو یانەیە ئاشکرایکرد کە بەمدواییە پەیوەندی نێوان راهێنەر و کاپتن زۆر سارد بووەو ئیدی جێگەی کاپتنە تەمەن 33 ساڵییەکە لە پێکهاتەی سەرەکی راهێنەرە تەمەن 57 ساڵییەکە مسۆگەر نییە. ئەوەتا لەم وەرزەدا فلیپ لام لە کۆی 13 یارییدا تەنیا لە 5 یارییدا 90 خولەک یاریکردووە.

ئەو سەرچاوەیە باس لەوە دەکات کە ئەو پەیوەندییە خراپەی کارلیتۆ لەگەڵ یاریزانەکانی کردووە، وایکردووە هەندێک لە یاریزانانی ئەنچیلۆتی لە کاتی مەشقەکاندا بە نهێنی و لەنێوان خۆیاندا گاڵتەی پێ بکەن.

وووە..

ی

ردووە

یپێکردووە، کە لە چێڵسی رۆیشتووەو تاوەکو ئێستاش بەهەمان ریتم وامە، ئیڤا گومانی وایە مۆرینیۆ، لە دواوەی ئەو هەڕەشانەوە بێت، ە زۆر رقی لێیەتی و پێی قبوڵ نەکراوە، چۆن ئەوی راپێچی بەردەم ی کردووە، لەبەرئەوەی وێنەی ئەوی لەپێش هاندەرانی چێڵسی وەیەکی تایبەتی و شەیدایانی تۆپی پێ بەشێوەیەکی گشتی ناشیرن ووە، نەخاسمە ئەو لەبەردەم دادگا رایگەیاندووە، ئەو راهێنەرە لە بەرامبەر سوانزی ستی بە قسەی ناشیرین هێرشی کردووەتە سەر.

## یاکاری رەگەز سەر هەڵدەداتەوە

رنیرۆ کە ئێستا لە نۆرینگەی تایبەتی خۆی لە شەقامی هارلی لە ن کاردەکات، هەوڵیداوە بە ئاشکراکردنی ئەو هەڕەشانەی مۆرینیۆ جەکان بەلای خۆیدا راکێشێت، ئەوەشی قۆستەوە بۆ ئەوەی بوونی ەی (جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز) لە تۆپی پێ دووپاتبکاتەوە، چۆن لە زۆربەی بوارەکانی دیکەش روودەدات، ئەگەرنا چۆن لەلایەن یوە هەڕەشەی دەکرێتە سەر و هەوڵی کەمکردنەوەی بەهای ت. ئەو پزیشکەی پێشووی چێڵسی دووپاتیشی دەکاتەوە، ئەو ست ئەو ئەستەمیانە ناڵاندوویەتی، چ بە منداڵی یان لە قۆناخی ۆ بێت، کاتێک بڕیاریداوە خوێندن لە بواری تۆپی پێ تەواو بکات، رۆ داوای لە دەزگاکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا کرد، یاردەیە بکۆڵنەوە، چونکە ئەوەی لە پشت پەردەی یانەکانی تۆپی رووددەدات، بە قسەی ئەو بە ئاسانی ئاشکرا ناکرێن.

"ئیڤا پێیوایە مۆرینیۆ کەسانی دیکە بەکاردەهێنێت بۆ ئازار پێگەیاندنی ئەو"



## ەکانی هەفتە



خۆشەویستی جەماوەر بەهێزترم دەکات، بەڵام رقلێبوونەوەی جەماوەر واملێدەکات کەس نەتوانێت رامگرێت

کریستیانۆ رۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)




ئەوەی راهێنەری مانچێستەر یونایتد بێت دەبێ پیاوێکی رێک و خۆپارێز بێت، نابێت وەک مۆرینیۆ هەڵسوکەوت بکات

هاری رێدناب
(راهێنەری پێشووی یانەی تۆتێنهام)



مۆرینیۆ هیچ رێز لە ناوبژیوانان ناگرێت، بۆیە سزادانی بە راگرتن لە یارییەک زۆر کەم بوو، دەبووایە 6 یاری رابگیرێت

گراهام پۆل
(ناوبژیوانی پێشووی ئینگلیزی)



هەمووان بینیان لە کلاسیکۆدا کێ باشتر بوو، کێ بەردەوام هێرشی دەکرد و کێ تەنیا بەرگری دەکرد؟ بەڵام ئەوە تۆپی پێیە کە زۆر ستەمکارە

لویس سوارێز
(هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا)



رۆناڵدۆی بەرازیلی، زیدان و رۆناڵدینهۆ، تا رادەدەیەکیش کاکا وایانلێکردم تۆپی پێم خۆش بوێت و ببمە یاریزان

پۆل پۆگبا
(یاریزانی یانەی مانچێستەر یونایتد)



هەموو شتێک لە تۆپی پێ روودەدات، تەنیا ئەوە قەت رووناداد کە رۆژێک من یاری بۆ بارسێلۆنا بکەم

تۆنی کرۆس
(یاریزانی یانەی ریال مەدرید)



دیێگۆ کۆستای هێرشبەری ئیسپانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، لەم وەرزەدا سەلماندی کە یەکێکە لە باشترین هێرشبەرانی ئەورووپا، ئەگەر بێتوو راهێنەرەکەی بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کە وادیارە ئەنتۆنی کۆنتی راهێنەر ئیتاڵی توانیویەتی ئەو کارە بکات، بۆیە لە رووی ئامارەکانەوە تاوەکو ئێستا کۆستا باشترین هێرشبەرە لەنێو سەرجەم هێرشبەرانی هەر 5 گەورە خولی ئەورووپا، بەو پێیەی بەشداری راستەوخۆی لە 16 گۆڵی یانەکەیدا هەیە، 11 گۆڵی تۆمارکردووەو 5 ئەسیستیشی هەیە».

دواین گەڕی قۆناخی گرووپەکانی چامپیۆنسلیگ..

# سانتیاگۆ.. مەیدانێک بۆ رزگاربوون لە چنگی دڕندەکان



## «ئارسیناڵ دەیەوێ سەرکەوتنە مێژووییەکەی بەسەر وێستهامدا بۆ ماڵی بازل بگوازێتەوە»

شرۆڤە: سەفین تەها

دوای ئەوەی 12 یانە گەیشتنیان بە قۆناخی 16ی خولی پاڵەوانەکانی ئەورووپا مسۆگەرکرد، ئێستا دەرگا بە رووی 7 یانەی دیکەدا والاکراوە بۆ ئەوەی تیکتێکی ئەو قۆناخە ببڕن.

ئەو یانانەی بە قۆناخی 16 گەیشتوون زۆربەیان چاوەڕێکراو بوون، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو، پێش دەستپێکی پاڵەوانیەتییەکە کەس پێشبینی نەدەکرد یانەیەکی وەک بایرن میونشن یانیش ریال مەدرید ئاوا دوا بکەون لە بردنەوەی بلیتی یەکەمی گرووپەکانیان.

7 یانە کە بلیتەکانیان لە گیرفانیاندایە بریتین لە: ریال مەدرید، ئاتلتلێتیکۆ مەدرید و بارسێلۆنا لە ئیسپانیا، بایرن میونشن، بۆرووسیا دۆرتموندو لیڤەرکۆزن لە ئەڵمانیا، مۆناکۆ و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی گەیشتوونەتە قۆناخی داهاتوو، لە ئیتاڵیاش تەنیا یوڤێنتوس هەردوو قاچی ناوەتە ئەودیو.

جگە لەوانەش هەریەکە لە یانەکانی ئاتلیتیکۆ مەدرید، بارسێلۆنا، مۆناکۆ و لیستەر سیتی پلەی یەکەمی کۆمەڵەکانیان مۆسگەر کردووە، ئەمەش وادەکات لە قۆناخی داهاتوو ئەرکیان تا رادەیەک ئاسانتر بێت.

کاتی ئەوە هاتووە، تیشک بخەینە سەر چۆنیەتی ئەنجامدانی تیروپشکی قۆناخی 16 و ئەو پرێنسیپانە چین کە دوو یانەکانی چۆن رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە:

1 ـ یانەکانی پلەی یەکەم رووبەڕووی یانەکانی پلەی دووەم دەبنەوە.

2 ـ هیچ یانەیەکی یەک کۆمەڵە یاری لەگەڵ یەکدی ناکەنەوە.

3 ـ هیچ دوو یانەی هەمان وڵات رووبەڕووی یەکدی نابنەوە.

لە کۆمەڵەی یەکەمدا پاریس سانجێرمان یەکێک لە باشترین یارییەکانی لەم وەرزەدا بەرامبەر بە یانەی ئارسیناڵ پێشەکەشکرد، دوای ئەوەی لەنێو یاریگەی ئیماراتسدا بە 2 گۆڵ یەکسان بوون، ئەمەش بەسبوو بۆ ئەوەی یانە پارسییەکە پێشەنگی کۆمەڵەکەی بگرێتە دەست، لە دوا گەڕیشدا رووبەڕووی یانەی لۆدوگریتس دەبێتەوەو یارییەکەش لە یاریگەی خۆیدا بەڕێوەدەچێت.

ئارسیناڵیش لە دەرەوەی یاریگەی خۆی دەبێتە میوانی بازل، گەنەرز دەبێت چاوی لە شکست یان یەکسان بوونی پاریس بێت، ئینجا خۆی سەرکەوتنە گەورەو مێژووییەکەی بەسەر وێستهامدا، بۆ ماڵی بازل بگوازێتەوە.

شەری ئەم کۆمەڵەیە تا رادەیەک شەڕی گەیشتنە بە یارییەکانی یۆرۆپالیگ، چونکە بازل و لۆدوگۆرریتس، لە خاڵدا هاوبەشن، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو یاسایەی کە رووبەڕووبوونەوەی هەردوو یانە دەکاتە پێوەر بۆ گەیشتن بە قۆناخی 16، ئەگەر دوو یانەی سێیەم و چوارەمی کۆمەڵەیەک لە خاڵدا هاوبەش بن ئەوا جیاوازی گۆڵ هەژمار دەکرێت.

لە کۆمەڵەی دووەمدا، ناپۆلی، بێنفیکا و بێشکتاش رکابەرییەکی توندیان لەنێواندا هەیە، یاری ئەمجارەی بێنفیکاو ناپۆلی کە یارییەکە لە خاکی دالوزی پۆرتوگالدا بەڕێوەدەچێت، دەکرێ بەهێزترین یاری ئەم گەڕە بێت، چونکە هەر کامێکیان بیبەنەوە راستەوخۆ بەبێ ئاوڕدانەوە لە ئەنجامی یارییەکەی دیکە بە پلەی یەکەم دەگەنە قۆناخی داهاتوو، بەڵام لە ئەگەری یەکسانبوونی هەردوولادا، یانەی ناپۆلی دەگاتە قۆناخی داهاتوو، بەڵام ئەگەر بێشکتاش بەسەر دینامۆکییڤدا سەرکەوت، کە یارییەکە لە خاکی کییڤ بەڕێوەدەچێت، ئەوا هەردوو یانەی بێشکتاش بە پلەی یەکەم و ناپۆلی بە پلەی دووەم دەگەنە قۆناخی داهاتوو.

بەڵام لە ئێستاوە هەرسێ یانەی ناپۆلی کە 8 خاڵی هەیە، بێنفیکا 8 خاڵ و بێشکتاش 7 خاڵ گەیشتنیان بە یۆرۆپالیگ مسۆگەر کردووەو دینامۆکییڤیش بە 2 خاڵ لە هەمووشتێک بێ هیوا بووە.

لە کۆمەڵەی سێیەمدا کە خێر و شەڕ تێیدا بەشکراوەو یارییەکان تەنیا بۆ پڕکردنەوە ئەنجامدەدرێن، بارسێلۆنا بە 12 خاڵ پلەی یەکەمی گرتووەو بە پلەی یەکەم پەڕیوەتەوە، مانچێستەر سیتی بەبێ ئاوڕدانەوە لە ئەنجامی بۆرووسیا میونشنگلادباخ، بە کۆکردنەوەی 8 خاڵ پلەی دووەمی مسۆگەرکردووە، یانە ئەڵمانییەکەش واتە میونشنگلادباخ 5 خاڵی هەیە و گەیشتووەتە یۆرپالیگ، لە کۆتایی ریزبەندییەکەشدا یانەی سێلتیک دەستبەتاڵ دەرچوو.

لە کۆمەڵەی چوارەمیشدا ئەوەی هەیەو نییە تەنیا یەکلاییکردنەوەی ئەو یانەیەیە کە دەگاتە یارییەکانی یۆرۆپالیگ، چونکە بایرن میونشن کە میوانداری ئاتلێتیکۆ مەدرید دەکات، بردنەوەو دۆڕان و هەرچییەک بێت تازە کار لە کار ترازاوە و ئەرکی بایرن لە قۆناخی داهاتوو گەلێک زەحمەتە، بەڵام لەو یارییەی کە پی ئێس ڤی ئایندهۆڤن میوانداری رۆستۆڤی رووسی دەکات، شەڕی گەورە لەوێیە، رۆستۆڤ سێیەمەو 4 خاڵی هەیە، ئایندهۆڤنیش 1 خاڵی هەیە، بردنەوە ئایندهۆڤن دەگەیەنێتە یۆرپالیگ، دۆڕان و بەرامبەربوونیش پێچەوانەکەیەتی.

لە کۆمەڵەی پێنجەمیشدا، مۆناکۆ پیاوی یەکەمی کۆمەڵەکەیەتی و بە 11 خاڵ پلەی یەکەمی مسۆگەرکردووە، بەڵام لیڤەرکۆزن 8 خاڵی هەیەو بە دووەم گەیشتە قۆناخی 16، شەڕەکە لەنێوان تۆتێنهام و سیێسکا مۆسکۆ ماوەتەوە، ئینگلیزییەکە 4 خاڵی هەیەو رووسییەکەش خاوەنی 3 خاڵە.

لە کۆمەڵەکەی ریال مەدریددا، دەکرێت بەهێزترین و پڕچێژترین یاری ئەم گەڕە ببینین، چونکە یاریگەی سانتیاگۆ ئامادەکراوە بۆ شانۆی ئاهەنگگێڕانی کلاسیکۆ، هەرچەندە ریال نەیبردەوە، بەڵام لە راستیدا زۆر شتی بەدەستهێنا، دۆرتموند لەنێو جەرگەی ئیسپانیا رووبەڕووی ریال دەبێتەوە، لەو یارییەی کە تەنیا سەرکەوتن ریال مەدرید لە چنگی دڕندەکان رزگاردەکات و هەموو بۆچوونەکانیش بۆ ئەوە دەچن کە زەردەواڵەکان تەنیا بۆ بەرامبەربوون و راگرتنی ریال مەدرید یاری بکەن، ئەمەش وا دەکات تیپەکەی تۆخێل کە 13 خاڵی هەیە بە پلەی یەکەم بگاتە قۆناخی داهاتوو، ریالیش بە دووەم، تیپەکانی سێیەم و چوارەم کە سپۆرتینگ و لیگیا وارشۆن، یەکێکیان 3 خاڵی هەیەو ئەوەی دیکەش خاڵێکی هەیە، واتە سپۆرتینگ نزیکترە لە گەیشتن بە یۆرۆپالیگ و لیگیاش هەرچەندە لە یاریگەی خۆیدا یاری دەکات بەڵام دەبێت تەنیا و تەنیا بیبەنەوە.

کۆمەڵەکەی لیستەر سیتی کە خۆی تێیدا کولفی کولە، 13 خاڵی کۆکردووەتەوەو تاکە یانەش بوو کە زۆرترین خولەک گۆڵەکەی پاراستووەو شانبەشانی ئاتلێتیکۆ مەدرید کەمترین گۆڵیان لێکراوە، لیستەر سیتی پلەی یەکەمی کۆمەڵەی حەوتەمی مسۆگەر کردووە، ئەوەی ماوەتەوە رکابەرییەکی توندی نێوان پۆرتۆ و کۆپێنهاگنە، پۆرتوگالییەکان خاوەنی 8 خاڵن، کەچی کۆپێنهاگن تەنیا 6 خاڵی هەیەو بردنەوە یانە دانیمارکییەکە دەگەیەنێتە قۆناخی داهاتوو، بەپێچەوانەشەوە هەموو ئەنجامێکی دیکە دەنێرێتە یۆرۆپالیگ.

یانەی کلەب برووج کە خراپترین تیپی چامپیۆنسلیگە، هیچ خاڵێکی نییەو ماڵئاوایی کردووە.

لە کۆمەڵەکەی کۆمەڵەی هەشتەم و کۆتاییدا یۆڤی پلەی یەکەمی گرتووە، بەڵام مسۆگەری نەکردووە، سیڤیا 10 خاڵی هەیە و بارودۆخی ناجێگیرە، چونکە ئەمجارە رووبەڕووی لیۆن دەبێتەوەو ئەگەر بە جیاوازی زیاتر لە 2 گۆڵ بدۆڕێت، ماڵئاوایی دەکات، یارییەکەش لە خاکی لیۆندا بەڕێوەدەچێت.

لە سەروبەندی کەوتنی فڕۆکەی یانەی چاپیکۆێنسی بەرازیلی..

# 7 وەرزشوان لە سواربوونی فڕۆکە دەترسان

ئا: رەمزی میرەکانی

کەوتن و تێکشکانی ئەو فڕۆکە کۆلۆمبییەی یاریزانانی یانەی چاپیکۆێنسی بەرازیلی دەگواستەوە، پاساوی ئەوە دەداتە ئەو وەرزشوانانەی کە هەمیشە لە سواربوونی فڕۆکە ترساون. هەندێ وەرزشوان لە کەوتنی فڕۆکە دەترسن، هاوشێوەی ئەو فڕۆکەیەی، کە یانەی چاپیکۆێنسی دەگواستەوە لە هەفتەی رابردوودا. لەم راپۆرتەدا ناوی هەندێ لەو وەرزشوانانە ئاشکرا دەکەین، کە فۆبیای سواربوونی فڕۆکەیان هەبوو.

**1 ـ دینیس بێرکامپ:**

ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەنداو یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی، بەوە ناسراو بوو زۆر لە سواربوونی فڕۆکە دەترسا، لە چەندین یاری ئارسیناڵ لە دەرەوەی ئینگلتەرا بەشداری نەکرد، بۆ ئەوەی سواری فڕۆکە نەبێت، لە یارییە گرنگەکانیشدا لەجیاتی فڕۆکە سواری شەمەندەفەر بوو.

**2 ـ محەممەد عەلی کلای:**

ئەو بۆکسێنەرە کۆچکردووەی ئەمریکا، بە گەنجی بەوە بەناوبانگ بوو کە لە سواربوونی فڕۆکە دەترسا، بەڵام لە دیدارێکی راگەیاندندا رایگەیاند، کە بەناو ساڵ کەوتووە چیدی لە سواربوونی فڕۆکە نەترساوە.

**3 ـ پاولۆ گیریرۆ:**

هێرشبەری پیرۆڤی، دانی بەوەدا ناوە کە زۆر لە سواربوونی فڕۆکە دەترسێت، تەنانەت خۆی دەڵێت «ئەوکاتەی بۆ یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی یاریم دەکرد، چەند مانگێک نەدەگەڕامەوە وڵاتەکەم بۆ ئەوەی سواری فڕۆکە نەبم»..

**4 ـ رائوول گۆتیرێس:**

ئەستێرەیەکی تۆپی پێی بۆلیڤیایە، لە نەوەدەکان و سەرەتای سەدەی تازەدا، ساڵی 2008 لە تەمەنی 32 ساڵیدا وازی لە یاریکردن هێناوە، دەڵێت ترسان لە سواربوونی فڕۆکە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی وازهێنانی.

**5 ـ سێر بۆبی چارلتۆن:**

دوای رزگاربوونی لە رووداوی کەوتنی فڕۆکەی تیپەکەی مانچێستەر یونایتد لە ساڵی 1985 لە شاری میونشنی ئەڵمانیا، چارلتۆن لە کاتی سواربوونی فڕۆکە لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە دەترسێت.

**6 ـ جیمس هاریسۆن:**

یاریزانی تۆپی پێی ئەمریکی، لە سواربوونی فڕۆکە دەترسا، کە باراک ئۆباما ساڵی 2008 بووە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رۆژنامەکانی ئەمریکا گوتیان، هاریسۆن بۆ ئاهەنگی کۆشکی سپی بانگکرابوو، بەڵام لە ترسی سواربوونی فڕۆکە ئامادە نەبوو.

**7 ـ بۆبی فیشەر:**

ئەو ئەستێرە کۆچکردووەی شەترەنجی ئەمریکا، ئامادە نەبوو سواری فڕۆکە بێت، بەهۆی ترسی لە ئەگەری تیرۆرکردنی، لە رێگەی تەقاندنەوەی فڕۆکە لەلایەن هەواڵگری رووسیاوە، ئەوەش بەهۆی ناکۆکی سیاسی نێوان ئەمریکا و رووسیا لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا.





لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە
لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك
لە کورەك

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (رۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| رۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی رێنماییەکان بکە

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (427)
سێشەممە 2016/12/6

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

| پاڵەوان | یاری | ڕۆژ | کات |
|---|---|---|---|
| خولی ئەڵمانیا | بایرن میونشن - فۆلفسبۆرگ | شەممە 10/12/2016 | 05:30 |
| چامپیۆنسلیگ | ریال مەدرید - بورۆسیا دۆرتمۆند | چوارشەممە 7/12/2016 | 10:45 |
| چامپیۆنسلیگ | بایرن میونشن - ئەتلەتیکۆ مەدرید | سێشەممە 6/12/2016 | 10:45 |
| یۆرۆپالیگ | فاینۆرد - فەنەربەخچە | پێنجشەممە 8/12/2016 | 09:00 |
| خولی ئیتاڵیا | ڕۆما - میلان | دووشەممە 12/12/2016 | 11:00 |
| خولی ئیسپانیا | ڤیاڕیال - ئەتلەتیکۆ مەدرید | دووشەممە 12/12/2016 | 10:45 |
| خولی ئینگلتەرا | مانچێستەر یونایتد - تۆتێنهام | یەکشەممە 11/12/2016 | 05:15 |
| خولی ئینگلتەرا | لیستەر ستی - مانچێستەر ستی | شەممە 10/12/2016 | 08:30 |

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 15)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2016/12/9** | |
| مەلەگە - گرانادا | 10:45 |
| **شەممە 2016/12/10** | |
| ئۆساسۆنا - بارسیلۆنا | 03:00 |
| ریال سۆسیداد - ڤالێنسیا | 06:15 |
| لاس پالماس - لیگانێس | 08:30 |
| ریال مەدرید - دیپۆرتیڤۆ | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/12/11** | |
| ئیبار - ئالاڤێس | 02:00 |
| سێلتاڤیگۆ - سڤیلیا | 06:15 |
| ئیسپانیۆل - خیخۆن | 08:30 |
| ریال بیتیس - ئەتلەتیک بلباو | 10:45 |
| **دووشەممە 2016/12/12** | |
| ڤیاڕیال - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 34 |
| 2 - بارسیلۆنا | 28 |
| 3 - سڤیلیا | 27 |
| 4 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 25 |
| 5 - ڤیاڕیال | 23 |
| 6 - ریال سۆسیداد | 23 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 23 |
| 8 - ئیبار | 21 |
| 9 - سێلتاڤیگۆ | 21 |
| 10 - لاس پالماس | 20 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 10 |
| 2 - مێسی | بارسیلۆنا | 9 |
| 3 - سوارێز | بارسیلۆنا | 9 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 9 |
| 5 - ویلیان | ریال سۆسیداد | 7 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (دیپۆرتیڤۆ - ریال سۆسیداد) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 15)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2016/12/10** | |
| واتفۆرد - ئیڤێرتۆن | 03:30 |
| ئارسیناڵ - ستۆک ستی | 06:00 |
| بێرنلی - بۆرنمۆس | 06:00 |
| هاڵ ستی - کریستاڵ پالاس | 06:00 |
| سوانزی ستی - ساندێرلاند | 06:00 |
| لیستەر ستی - مانچێستەر ستی | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/12/11** | |
| چێڵسی - وێست برۆمیچ | 03:00 |
| مانچێستەر یونایتد - تۆتێنهام | 05:15 |
| ساوسهامتۆن - میدلزبرە | 05:15 |
| لیڤەرپوول - وێستهام | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 34 |
| 2 - ئارسیناڵ | 31 |
| 3 - لیڤەرپوول | 30 |
| 4 - مانچێستەر ستی | 30 |
| 5 - تۆتێنهام | 27 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 21 |
| 7 - وێست برۆمیچ | 20 |
| 8 - ئیڤێرتۆن | 20 |
| 9 - ستۆک ستی | 19 |
| 10 - بۆرنمۆس | 18 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێڵسی | 11 |
| 2 - سانچێز | ئارسیناڵ | 11 |
| 3 - ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 10 |
| 4 - هازارد | چێڵسی | 8 |
| 5 - ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 8 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 16)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2016/12/10** | |
| کرۆتۆنی - پیسکارا | 08:00 |
| سامپدۆریا - لازیۆ | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/12/11** | |
| کالیاری - ناپۆلی | 02:30 |
| ئەتەلانتا - ئۆدینێزی | 05:00 |
| بۆلۆنیا - ئیمپۆلی | 05:00 |
| پالێرمۆ - ڤیرۆنا | 05:00 |
| تۆرینۆ - یوڤانتۆس | 05:00 |
| ئینتەرمیلان - جینەوا | 10:45 |
| **دووشەممە 2016/12/12** | |
| فیۆرەنتینا - ساسۆلۆ | 09:00 |
| ڕۆما - میلان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 36 |
| 2 - ڕۆما | 32 |
| 3 - میلان | 32 |
| 4 - ناپۆلی | 28 |
| 5 - لازیۆ | 28 |
| 6 - ئەتەلانتا | 28 |
| 7 - تۆرینۆ | 25 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 23 |
| 9 - سامپدۆریا | 22 |
| 10 - ئینتەرمیلان | 21 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - دزیکۆ | ڕۆما | 12 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 12 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 10 |
| 4 - ئیمۆبیلی | لازیۆ | 9 |
| 5 - سەلاح | ڕۆما | 8 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە هەردوو یاری (ڤیرۆنا - جینەوا) و (ئۆدینێزی - بۆلۆنیا) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 14)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2016/12/9** | |
| فرانکفۆرت - هۆفنهایم | 10:30 |
| **شەممە 2016/12/10** | |
| بایرن میونشن - فۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| کۆڵن - بورۆسیا دۆرتمۆند | 05:30 |
| ئینگۆلشتات - لایپزیگ | 05:30 |
| هامبۆرگ - ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| فرایبۆرگ - دارمشتات | 05:30 |
| هێرتا بەرلین - ڤێردەربرێمەن | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/12/11** | |
| مونشنگلادباخ - ماینز | 05:30 |
| شاڵکە - بایرلیڤەرکۆزن | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لایپزیگ | 33 |
| 2 - بایرن میونشن | 30 |
| 3 - هێرتا بەرلین | 27 |
| 4 - هۆفنهایم | 25 |
| 5 - فرانکفۆرت | 25 |
| 6 - کۆڵن | 24 |
| 7 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 22 |
| 8 - شاڵکە | 17 |
| 9 - بایرلیڤەرکۆزن | 17 |
| 10 - ماینز | 17 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 15 |
| 2 - مۆدیست | کۆڵن | 12 |
| 3 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 9 |
| 4 - وێرنەر | لایپزیگ | 8 |
| 5 - ئیبیسڤیچ | هێرتا بەرلین | 8 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 17)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2016/12/9** | |
| دیجۆن - مارسیلیا | 10:45 |
| **شەممە 2016/12/10** | |
| بۆردۆ - مۆناکۆ | 07:00 |
| باستیا - میتز | 10:00 |
| لیل - مۆنپیلیە | 10:00 |
| نانت - کان | 10:00 |
| تۆلۆز - لۆریان | 10:00 |
| نانس - ئەنجی | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/12/11** | |
| لیۆن - ڕین | 05:00 |
| سانت ئیتیان - گانگۆن | 07:00 |
| پاریس سانجێرمان - نیس | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نیس | 39 |
| 2 - مۆناکۆ | 36 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 35 |
| 4 - ڕین | 27 |
| 5 - گانگۆن | 26 |
| 6 - لیۆن | 25 |
| 7 - بۆردۆ | 24 |
| 8 - تۆلۆز | 22 |
| 9 - سانت ئیتیان | 22 |
| 10 - مارسیلیا | 21 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 14 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 11 |
| 3 - ئەلحەسەن | نیس | 9 |
| 4 - فالکاو | مۆناکۆ | 7 |
| 5 - مارتین | تۆلۆز | 7 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی 6)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/12/6** | |
| بازل - ئارسیناڵ | 10:45 |
| پاریس سانجێرمان - لۆدۆگۆریتس | 10:45 |
| بێنفیکا - ناپۆلی | 10:45 |
| دینامۆکییڤ - بێشکتاش | 10:45 |
| بارسێلۆنا - مونشنگلادباخ | 10:45 |
| مانچێستەر ستی - سێلتیک | 10:45 |
| بایرن میونشن - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:45 |
| ئایندهۆڤن - ڕۆستۆڤ | 10:45 |
| **چوارشەممە 2016/12/7** | |
| بایرلیڤەرکۆزن - مۆناکۆ | 10:45 |
| تۆتێنهام - سیسکا مۆسکۆ | 10:45 |
| لیگا وارسۆ - لێشبۆنە | 10:45 |
| ریال مەدرید - بورۆسیا دۆرتمۆند | 10:45 |
| کلۆپ برۆج - کۆبنهاگن | 10:45 |
| پۆرتۆ - لیستەر ستی | 10:45 |
| یوڤانتۆس - دینامۆ زەگریب | 10:45 |
| لیۆن - سڤیلیا | 10:45 |


| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نیس | 39 |
| 2 - مۆناکۆ | 36 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 35 |
| 4 - ڕین | 27 |
| 5 - گانگۆن | 26 |
| 6 - لیۆن | 25 |
| 7 - بۆردۆ | 24 |
| 8 - تۆلۆز | 22 |
| 9 - سانت ئیتیان | 22 |
| 10 - مارسیلیا | 21 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیۆنێل مێسی | بارسێلۆنا | 9 |
| 2 - ئەدینسۆن کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 5 |
| 3 - مەسعود ئۆزێل | ئارسیناڵ | 4 |
| 4 - ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 4 |
| 5 - سێرجیۆ ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 4 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 6)

| یاری | کات |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2016/12/8** | |
| ڤیاڕیال (ئیسپانیا) - ستیوا بوخارست (ڕۆمانیا) | 07:00 |
| قونیا سپۆر (تورکیا) - جینیت (بەلجیکا) | 07:00 |
| سپۆرتینگ براگا (پورتوگال) - شاختار (ئۆکرانیا) | 07:00 |
| سالۆنیکا (یۆنان) - لیبیرتچ (چیک) | 07:00 |
| ئۆسمانلی سپۆر (تورکیا) - زیۆریخ (سویسرا) | 07:00 |
| کارباکا (ئازەربایجان) - فیۆرەنتینا (ئیتاڵیا) | 07:00 |
| ئەلکەمار (هۆڵەندا) - زینیت (ڕووسیا) | 09:00 |
| فاینۆرد ڕۆتردام (هۆڵەندا) - فەنەربەخچە (تورکیا) | 09:00 |
| ئەپویل نیقۆسیا (قوبرس) - ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) | 09:00 |
| یۆنگ بۆیز (سویسرا) ئەستانا (کازاخستان) | 09:00 |
| مەکابی تەلئەبیب (ئیسرائیل) - دۆندالک (ئێرلەندا) | 09:00 |
| ئەندرلەخت (بەلجیکا) - سانت ئیتیان (فەرەنسا) | 09:00 |
| ماینز (ئەڵمانیا) - گابالا (ئازەربایجان) | 09:00 |
| ڕابید ڤیەننا (نەمسا) - ئەتلەتیک بلباو (ئیسپانیا) | 09:00 |
| ڤیکتۆر بلزن (چیک) - ئۆستریا ڤیەننا (نەمسا) | 09:00 |
| ئستریا جیۆرجیۆ (ڕۆمانیا) - ڕۆما (ئیتاڵیا) | 09:00 |
| لۆگانسک (ئۆکرانیا) - مانچێستەر یونایتد (ئینگلتەرا) | 09:00 |
| ساسۆلۆ (ئیتاڵیا) - جینک (بەلجیکا) | 09:00 |
| ساوسهامتۆن (ئینگلتەرا) - بیئر سەبع (ئیسرائیل) | 11:05 |
| ئینتەرمیلان (ئیتاڵیا) - سپارتا براگ (چیک) | 11:05 |
| نیس (فەرەنسا) - کراسنۆدار (ڕووسیا) | 11:05 |
| پاناسیناکۆس (یۆنان) - سێلتاڤیگۆ (ئیسپانیا) | 11:05 |
| سالزبۆرگ (نەمسا) - شاڵکە (ئەڵمانیا) | 11:05 |
| ستاندەرلیاج (بەلجیکا) - ئەیاکس (هۆڵەندا) | 11:05 |

KOREK



## ئاشکرابوو


ڕۆژنامەکانی کەتالۆنیا ئاشـکرایانکرد لە سـەرەتای وەرزی ئەمسـاڵدا 3 یاریزانی یانەی بارسێلۆنا دژی ئەوەبوون یانەکەیان گرێبەست لەگەڵ پاکۆ ئەلکاسێری هێرشبەری پێشووی یانەی ڤالنسیا بکات، بەڵام لویس ئێنریکی ڕاهێنەر سووربووە لەسەر گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو هێرشبەرە. وەک ئەو ڕۆژنامانە باسی دەکەن، هەریەک لە مێسی، نەیمار و سوارێز بە ئێنریکیان گوتووە پێویست بە هێنانی ئەو هێرشبەرە ناکات، چونکە مونیر حەدادی و ساندرۆ ڕامیرێز لەو باشترن، کەچی بارسا 30 ملیۆن یۆرۆی بە ئەلکاسێر دا، کە تاوەکو ئێستا هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکردووە».



ئەم گەنجە، دەڵێت "هەموو دووشـەممە و سێشەممەیەک زیاتر لە 180 دانـە هەفتەنامـەی (ڕووداو) و (ڕووداوی وەرزشـی) بەم پایسکیلەم لە قەزای شێخان و دەوروبەری دەفرۆشم".

دڵی بە کچەکەی وەیە..

# گریزمان ڕقی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ئەنتوان گریزمان، هێرشبەری فەرەنسی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، ڕایگەیاند زۆر لە چارەنووسی خێزانەکەی دەترسێت، لە سایەی بڵاوبوونەوەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوەو گوتی "حەزناکەم وێنـەی کچەکەم لە دەزگاکانی ڕاگەیانـدن دەرکەوێت، بۆ ئەوەی خۆم لە هەموو شـتێکی نەخـوازراو بەدوور بگرم".

گریزمان، کە یەکێکە لە 3 پاڵێوراوی باشـترین یاریزانی 2016، گوتی "بە پەرۆشی ئەوەم وێنەی کچەکەم میا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرنەکەوێت، لە یاری دۆستانەماندا بەرامبەر کۆتدیڤوار، داوام لە ئێریکای هاوسەرم کرد لە کاتی وەسـتان بۆ وتنەوەی سـروودی نیشتمانی سـەیرمان نەکات". هەروەها گوتیشی "بەو ناوبانگییەی هەتە ئەستەمە بتوانی، ژیانی خێزانیت بە ویستی خۆت بگوزەرێنی، چونکە لەوانەیە ناوبانگ کێشەشت بۆ دروست بکات".

گریزمان ئاشـکرایکرد، ئەو حەز لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناکات، حەزیش ناکات ئەوکۆمێنتانە بخوێنێتەوە، کە سەوداسەرانی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆی دەنووسن "من شەونخونی بۆ ئەوە دەکەم، ژیانی خێزانیم بە ڕووداوەکانی دەرەوە کاریگـەر نەبێـت، بۆیە حەزناکەم سـەیری ئـەو کۆمێنتانە بکەم، کە لەسـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە". هەروەها گوتی "هاوسەرەکەم لە چەندین بۆنەدا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێرشـی کراوەتە سەر، ئەو شتەش هەستی ئاسوودەیی و ئارامیم پێنابەخشێت". لە کۆتاییدا گوتیشی "کە ئەستێرە دەبیت، مانای وانییە هەموو خەڵکی تۆیان خۆش دەوێ، چونکە کەسانێک هەن دەیانەوێ زیان بە خۆت و خێزانەکەت بگەیەنن".

پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

شاهۆ محەممەد لە ڕانیە

بە لێدوانی:

(مێسی زۆر خەمبارە، بۆ لەدەستدانی خاڵە)

ژمارە ( 427 )
سێشەممە 2016/12/6

## پەنجاو سێیەمین پێشبڕکێ

LOTTO 5

شـەش کۆبۆنی یەک بـەدوای یەک، واتا هی شـەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشـی)ت لێکڕیـوە، بـەو جـۆرە لەتیروپشـکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..................................................

مۆبایل : ..................................................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولڕەحمان


هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە